# پێنجەمین کۆنگرەی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەستی بە کارەکانی کرد

کاتـژمێر (10)ی سـەرلەبەیانی ئیمـڕۆ 22-7-2007 حزبـی زەحمەتکێشانی کوردسـتان بـە بەشداری (301)ئەندام پێنجەمین کۆنگۆەی خـۆی لـە ژێـر دروشمـی (( لـە پێنـاو جێبـەجێکردنی مادەی (140) و ئەنجامدانی ریفۆرمی ئیداری و ئابوری و سەروەری یاسا لە کوردستاندا و ئەکتیڤ و کاراکردنی ریزەرکانی حزب و گەرانەوە بۆ حزبایەتیەکی تەندروست دا خەبات دەکەین ))

لە هـۆڵی ئـەکوا پـارك لـە شـاری سـلێمانی گریـدا . کرنگرەکـە سـەرەتا بـە وتـاری بـەخێرهاتن و دەقیقەیەك وەستان بۆ رێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی حزب و گەلی کوردستان و سرودی ( زەحمەتکێشانی کوردستان کرایەوە ) دوای ئەوە بروسکەی پیرۆزبایی بەرێز سەرۆك مام جـەلال بۆ کۆنگرە خوێندرایەوە ، دواتر لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە راپۆرتی خۆی سەبارەت بـە ژمـارە و چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرە خستەروو ، دووای ئەوانیش هاوریٚ قـادر عزیـز سـکرتێری گشتی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان راپۆری سیاسی پێشکەش بە ئامادەبوانی کۆنگرەکە کرد . کە بارودۆخی عێـراق و کوردسـتان و ناوچـەکە و نێوخـۆی حزبـی زەحمەتکێـشانی کوردسـتان و پەیوەندیەکانی لە خۆگرتبوو .

لە کۆتایدا ئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرەکە بە هەڵبـژاردنی لیژنـەکانی ئیـدارەی کـۆنگرە ، لیژنـەی راپـۆری سیاسـی ، لیژنــەی پــەیرە و پرۆگــرام ، لیژنــەی چاوخــشاندنەوە بــە دارایــی حزبــی زەحمەتکێشانی کوردستان کۆتایی پێهات ، ئەمە و چاوەروان دەکرێت کە کۆنگرەکە 2-3 رۆژیتر بخایەنێت .